# " ڕاوە مارە ، ڕاوی کەروێشك و ئاسکە نییە "

**فەخرەدین گەرمیانی**



**وا باوە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان کە خەڵکیی ، چ بۆ خۆشیی بێت و  چ بۆ بژێوی ژیان دەچێتە ڕاوی چەندین ئاژەڵ و باڵندەی کێویی ، ڕاو بۆ خۆشیی دەکرێت وەک ئەوەی کە ساڵانە لە وڵاتی بەریتانیا دەکرێت بۆ ڕاوە ڕێوی کە جورێکە لە وەرزش و بۆ خۆشیشە ، لە کوردستانی مەڕ خۆشمان هەردوو جۆرە ڕاوەکە دەکرێت ، بەڵام لە ئەفریکا جگە لە کۆڵانیالی ڕابوردوو کە ڕاوی ئاژەڵ و مرۆڤیان وەک یەک دەکرد ، بەڵام ئەفریکایی خۆیان هەموو جۆرە ڕاوێک بۆ بژێوی ڕۆژانە دەکەن ، وەک دەزانین ڕاوکردنیش چەندین ئامێری هەیە وەک (تیروکەوان و ڕم ، تفەنگ ، تانجی و سەگ ، تەپکە ، تەڵە ...تد) بەڵام لە ئەفریکا بە دەستی بەتاڵ و ڕووتیش ڕاو ئەکەن .**

**ڕاوە ئاژەڵی کێویی و پەلەوەر لە کوردستان لە چەند ژمارەیەک تێپەڕناکات وەک (ئاسکە ، کەروێشک ، سووچەڕ ، هەندێ جار بەراز ، کەمتیار ، ڕێوی ، ژیژک ، کەو ، سوێسکە ، قاز، ڕیشۆڵە و هەندێ جار باڵندەی کۆچەر) بەڵام لە ئەفریکا ڕاوی هەموو شت دەکرێت ، ئەوەی بجولێتەوە لە جەنگەڵدا لە گرتن و ڕاو کردن ڕزگاری نابێت.**

**بڕیارمداوە ماوە ماوە بە پێی دەرفەت هەرجارەی باسیی شتێک دەربارەی ئەفریکا بکەم و بتوانم خوێنەری بەڕێزی کورد ئاشنا بکەم بەو داب و نەریت و کەلتوورەی ئەم وڵاتانە هەیانە کە زۆربەیان بەلای ئێمەوە سەیرو سەمەرەیە ، بۆیە تاکو بتوانم بە بەڵگەوە بابەتەکانم بنووسم ، چونکە لەبەر ئەوەی بابەتەکان  نامۆن بە خوێنەری کورد بۆیە زیاتر وێنە بەکاردێنم ، وێنە هیچ چەندو چوون و گومان هەڵناگرێت.**

**ئەمجارە باسی ڕاوی ماری (بووا) دەکەین کە پاش ماری (ئەناکۆندا) گەورەترین مارە لە جیهاندا شانبەشانی ماری (پایتۆن) ، ماری بووا لە کۆنگۆ یەکجار زۆرە لەبەر ئەوەی بەرینترین و چڕترین جەنگەڵ لە کیشوەری ئەفریکا لە کۆنگۆیە و ڕووبەری کۆنگۆ لە ملیوێنیک و چوارسەد هەزار کیلۆمەتری دووجا زیاترە و لە 80% ئەو ڕووبەرە جەنگەڵێکی**

چڕە کە زۆربەی تا ئێستا کەس نەیتوانیوە بچێتە ناوی ، مرۆڤ خۆرەکانی کۆنگۆ لەو جەنگەڵەدا دەژین وەک تیرەی پیگمیز و جەنگاوەرانی مای مای.

با بێینە سەر باسەکەمان کە ڕاوە مارە ، بۆ ڕاوی مار لە کۆنگۆ ڕاوچیی تایبەتیی هەیە کە شارەزایی تەواویان هەیە ، ئەو کەسانە خەڵکی گوندەکانن و ئەو کەسانەش ئەوە پیشەیانە واتا بە ڕاوە مار دەژین ، تێمی ڕاوەکە لە **3** کەس پێکدێن کە سەرۆکی تیمەکە سەرپەرشتیی دەکات و ئەو مارەکە دەبینێتەوە ، بەڵام بەهێزترین ئەندامی تیمەکە مارەکە دەگرێت وپاشان دوو هاوڕێکەی یارمەتیی دەدەن تاکو لە کوونەکەوە مارەکە ڕادەکێشنە دەرەوە ، ئەمەش پلەکانی ڕاوەکەیە:


+ سەرۆکی تیمەکە بە گەڕان بە ناو جەنگەڵدا مارەکە دەدۆزێتەوەو کوونی مارەکە دیاریی دەکات و پاشان لەگەڵ تیمەکەی خۆیان ئامادە دەکەن و بەرەو جێگای مارەکە دەڕۆن ، لە نزیکی کوونی مارەکە خۆیان دەشارنەوە تاکو مارەکە دەچێتە کونەکەیەوە .

+ وەک لەم وێنەیەی خوارەوە دەبینرێت بەهێزترین ئەندامی تیمەکە پارچە چەرمێکی زۆر بەهێز دەپێچێتە دەستیەوە:



***پێچانی دەستی ڕاوچییەکە بە پارچە چەرمێکی بەتین بۆ ئەوەی قۆڵی بکات بە قورگی مارەکەدا***

+ سەرۆکی تیمەکە دەچێتە ناو کونەکەوە بە چەپکێک دارو چیلکەی داگیرساو بۆ ئەوەی ببینێ چونکە کونەکە تاریکە وەک لەم وێنەدا دیارە :




**چوونە ناوەوەی کوونەکە**

**+ بە هۆی ڕۆناکیی ئاگرەکە مارەکە دەبینێتەوە و دڵنیا دەبێت کە لە ژوورەوەیە ، ئەوجا دەگەڕێتەوە ، ئەوەی دەستی بە چەرمەکە پێچراوە دەچێتە ژوورەوە و مارەکە تەنگاو دەکا تاکو دەمی داپچڕێت ، تەماشای ئەم دوو وێنەیە بکە :**



**دۆزینەوەی مارەکە لە کونەکەیدا**


**+ کە مارەکە تووڕە دەبێت دەمی دادەپچڕێت و پەلاماری ئەو ڕاوچییە دەدات کە دەستی بە چەرمەکە پێچراوە ، لە ڕاستیدا ئەم مارە ژەهراویی نییە بەڵام لە هەمانکاتدا زۆر خەتەرە ، ئەگەر ڕاوچییەکە شارەزا نەبێت لە ڕاوکردنی مار ئەوە فاتیحا لە ڕۆحی بدە ، بەڵام ئەو ئەمە پیشەیەتی ، وتمان کە مارەکە تووڕە بوو دەمی داپچڕی وەک لە وێنەکەدا دیارە ، ئەوە زەلامەکە یەکسەر قۆڵی دەکات بەدەم مارەکەدا ، ئەو چەرمە تایبەتە کە هەناسەی مارەکە دەبڕێت و لە هێزی مارەکە کەم دەکاتەوە ، ئیتر مارەکە ئەو هێزەی نامێنێ وەک لە ڕاستیدا هەیەتی ، تەماشای ئەم وێنەیە بکە :**



تەمشاکە مارەکە چۆن دەمی دا پچڕیوە

ئەو شتە سپییانەی لە وێنەکەدا دیارە ئەوە هێلکەی مارەکەن لە کوونەکەدا ، ڕاوچییەکان دەست لە هێلکەکان نادەن ، چونکە مارەکەش نەبێت پاش ماوەیەک هێلکەکان دەترووکێن و دەبنە توولەمار و گەورە دەبن ، بۆ ڕاوێکی دیکە.

+ کە مارەکە دەمی کردەوە ڕاوچییەکە قۆڵی لە گەرووی مارەکە گیردەکات و دوو هاوڕێکەی دەست دەکەن بە ڕکێشانی بۆ دەرەوە وەک لەم وێنەیەدا دیارە:




تەماشا کەن چۆن گەرووی مارەکەی گرتووە تاکو بتاسێت و هێزی تیا نەمێنیت

+ کە ڕاوچییەکە مارەکەی گرت ئەوجا هەردوو هاوڕێکەی دوا بە دوای بەکدا قاچی (لاقی) یەکتر لەگەڵ هێنانی مارەکەدا ڕادەکێشن بۆ دەرەوە :




ڕاکێشانی یەکتر لەگەڵ مارەکەدا

+ وەکو گوتمان مارەکە تاساوەو هێزی لەبەر براوە بە هۆی ئەو چەرمەی لە دەستی ڕاوچییەکەوە پێچراوە بۆیە بە ئاسانیی مارەکە ڕادەکێشنە دەرەوە لە کوونەکە ئەگەرنا کوڕ نییە بتوانێت ئەو ئەژدیهایە ڕاکێشێت چونکە لە کاتی ئاسایی ئەو مارە بە ئاسانی شێرو پڵنگ دەگرێت و ئێسک و پروسکیان تێکدەشکێنێت ، بەڵام ئەو چەرمەو زانایی ڕاوچییەکە هەناسەی لەبەر دەبڕێت.



ئەوەش مارەکە بە زەلیلیی بە دەست ڕاوچییەکەوە

کە مارکەی دەرهێنا لە کوونەکە لێرەدا ڕاوەکەیان سەرکەوتوو دەبێت بە خۆشیەوە بەرەو ماڵ و پاشان بۆ فرۆشتنی مارەکە بە پارچە پارچە کراویی و خەڵکیی بە پەرۆشەوە دەیکڕن بۆ برژاندن و خواردنی ، لە هەندێکم پرسیوە کە گۆشتەکەی تامی چی دەدات دەڵێن تامی گوشتی ماسی دەدات بە برژاوی و بۆ زۆر نەخۆشی دەرمانە ، تا چەند ڕاستە ؟ بەڕاستیی نازانم.



**هەرسێ ڕاوچییەکە لەگەڵ مارەکەدا**

**بەڕێزان وا باسێکی کورتی ڕاوە مارم بۆ کردن بە هیوای ئەوەی هەندێک زانیاریی بەسوودی تێدابێت ، بەڵام نەکەن ڕاوە مار بکەن .**

2006-05-17

---